## كام دةستة ثاكة ماضي بكةم.... خالَة حةمة

هەڵبەتە کە دەڵێم کام دەستە پاکە ماچی بکەم مانای ئەوە نییە کە هەموو دەستەکان تاوانیـــان کردووە، یاخود لە ڕێگەی چەوت و نالەباردا دەیان سەنگەریان گۆڕیوەو بازرگانی ڕەشیان لـــە سەر جەستەی ماندووی خەمە سپیەکان کردووە، مانای ئەوە نییە دەستەکان هەمـوان بـــــەرەو هەڵدێر چاویان شۆڕکردوەو لەژێرەوە کنە لەژێرخان و لەسەرخانی کوردا ئەکەن تادایبڕوخێنـن وکوێراییان داهاتووە،مانای ئەوەنییە کەدەستەکان لەخەباتی بێ وچانی نەپچڕاوی یەک لەدوای یەکی شۆڕشدا نەیانتوانیوە بەکاری پێویستی سەرشانیان هەڵبستن و کەمتەرخەمی لە شکاندنی ئەو ڕێچکەیە ئەکەن کە ئەیانگەێنیتە خواستەکانی میللەت،مانای ئەوە نییە کە دەستەکان لـــــە ئاوی لێڵدا مەلەئەکەن وسەرچاوەی پاکی کانیاوەکان ئەشێوێنن تا........

هەروەها مانای ئەوەش نییە ئەو دەستەی کەپاکە بیلێسمەوە خۆم بەچاوشۆڕی بزانـــم ولەڕویدا نەتوانم سەرنج و تێبینیەکانم بەرجەستە بکەم، مانای ئەوەش نییە کە ئەو دەســــتە گەیشتۆتـە پلەوپایەیەک من تا ئەمرم باجی بدەمێ ونۆکەری ئەو ڕێگەیەبم کە پیاگوزەر ئەکـــا.

هەروەها ئەوە ناگەێنێ کەلەناو میللەتەکەمدا دەستێک نییە شایانی ئەوە بێت ماچی بکەم و لـــە ڕوییدا خۆم بەقەرزاری نەزانم، مانای ئەوە نییە دەستێک نییە درکی بە هەمووکارە لاوەکیەکـــان و دەرەکیەکان نەکردبێت و بێ خەم سەری کردبێتە سەرسەرین، یاخود عاشقێکی دڵسووتاوی تیا هەڵنەکەوتبێت کە ڕۆژانە یادی نەکەمەوەو نوێژ بەسەر جێ پێیەکانیا دانەبەستم.

هەرکەس گوێی لە دەنگمە بابزانێ من خاوەنی نەتەوەیەکم لە بوونیەوە شەڕ لە پێناوی ئاشتیدا دەکات، لەدێرەوە خواخایەتی کەڕۆژێ هەڵبێت، بتوانێ لەهەناویا دەنگ بەرزبکاتەوەو لەهەموو بوارەکانی ژیانی موۆڤایەتیدا ڕۆڵی لاوەکی و سەرەکی هەبێت، من خاوەنی نەتەوەیەکم چەنـــدان ملوێن شەهیدی هەیە لە پێناو ئازادی سەربەخۆیی خۆیدا، من خاوەنی کاکی پێشمەرگەم کــــــــە خوێنی بەخشیوە بەمرۆژەو منی بەپاسەوانی گۆڕەکەی خۆی داناوەو منیش بەڵێنم داوە تائەمرم لەڕوی دوژمنان و نەیارانی کوردا سەنگەری بوون و هاوخەمی نەتەوەکەم هەڵبکەنم و بێ ووچان لەئەرکەکانی سەرشانم کەمتەرخەمی نەکەم.

ئەو دەستەش ماچ ئەکەم کە لەڕێگەی سەربەخۆیی کوردستاندا ماندوو نابێت و لە ئاستی کـــارە خراپەکاندا ترس و لەرزی داپڵۆسین زمانی لەگۆناخات. ئەودەستە ماچ ئەکەم مەرگ هەڵدەبژێرێ بەسەر ژیانی ژێردەستەیی وملکەچیداو هاوار ئەکات (کەم بژی و کەڵ بژێ).

دانمارک/ڤالبی
xale@pc.dk